**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

وێنەیەکی تەرجەمە کراوی دەقە عەرەبیەکەیە

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان: ١**

**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٢/٤/١٠**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داوای وەزیری دارایی وئابووری و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٥)ی رۆژی (٢٠٠٢/٤/٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢

**ماددەی یەکەم:**

ئەگەر فرمانبەر لەماوەی ساڵێکی تەقویمیدا، بەبێ مەعزەرەتێکی بەجێ بۆ ماوەی(٣٠)سی رۆژ لە دایەرەکەی دابیرێت، سا ئەو دابڕانە بەشێوەیەکی سەرومڕ یان پچڕپچڕ بێت، ئەوە بە دەستهەڵگرتوو لە قەڵەم دەدرێ.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر وەزیرە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عێراق**